# كورد لە ڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەویدا (٤١-١٣٢ك/٦٦١-٧٥٠ز)

**پ.ی.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر**

**زانکۆی سلێمانی**

**سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**بەشی مێژوو**

**پوختـەی توێژینەوەکـە:** (کـورد لـە ڕووداوە سیاسـییە ناوخۆییـەکانی دەوڵـەتی خەلافـەتی ئومەویـدا لـەنێوان سـاڵانی/٤١-١٣٢ك/٦٦١-٧٥٠ز)، ناونیشـانی ئـەم توێژینەوەیـە، کـە تێـدا سـەنگ و پێگـەی کـورد وەك پێکهاتەیـەکی دەوڵەتە لەوماوەیەدا دیاری دەکات. ئامانج لەوکارەش خستنەڕووی ڕۆڵ و پێگەو بوونی کورد بووە لە ڕووداوە سیاسـییە ناوخۆییـەکانی دەوڵەتەکـەدا. واتـە بەشـداریکردنی نـا لـەڕووداوە دەرەکییەکانـدا، وەك لەپرۆسـەی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و فراوانبوونی سنووری سیاسی ئـەو دەوڵەتـە لەسـەر حیسابی دەوڵـەتانی دی لـەو قۆناغەدا ئەنجامدرا، تا دەگاتـە بەشداری لـە شـەڕەکانی ئـەو دەوڵەتـە لەگـەڵ زلهێزەکـانی سـەردەمەکە لەوانـەش (ئیمپراتـۆڕێتی بێـزەنتی)، بـەڵکو مەبەستمان لـەوکارە پێگـەو هەڵوێستی کـورد بـووە لـەململانێ سیاسـییەکانی نـاوخۆی دەوڵەتەکـەدا، لەوانـەش ململانێـی ئومەوییـەکان لەگـەڵ کۆمەڵـەکانی خـواریج و شـیعە و نـەیارە سیاسییەکانی تریان و بەپێچەوانەشەوە.

بۆگەیشتن بەناوەڕۆکی ئەو ڕووداو و تۆمارانـەش، پشتمان بەچەندین سەرچاوەی کۆن و نـوێ بەچـەندین زمانی جیاواز بەستووە، تا بەهۆیەوە بۆ ڕۆڵی کورد لەڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئەودەوڵەتەدا بگەڕێن، کـە کـاری سـەرەکی توێژینەوەکـەمان بـووە. لەونێوەندەشـدا کوردەکـان وەك پێکهاتەیـەکی ئـەو دەوڵەتـە، کـە لـەپاڵ کۆمەڵە ناعەرەبەکانی تـر بـە (مـەوالی) ناسـران، تـا ئاسـتێك سـەنگ و پێگـەی خۆیـان لەلایـەنگری و نـەیاری بـۆ خودی دەوڵەتەکەو نەیارەکانیشیدا بینی. بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا ئاماژەمـان بـە سیاسـەتی ئومەوییـەکان داوە بەرامبەر بە کـورد وەك پێکهاتەیـەکی مـەوالی، دواتـر بەشـداری کوردمـان لـەو ڕاپـەڕین و شـۆڕش و بزووتنەوانـە بەپێ لایەنی ئایینی و سیاسـی دابەشـکردووە. لەوکارەشـدا هەوڵمانـداوە ڕووداوەکـان بـەپێ ڕەوتـی سـاڵ و مێـژوو بخەینەڕوو، تا تێکەڵاویەك بەکارەکەمانەوە دروست نەبێت. دواتر بەئەنجامێك، کە توێژەر پێی گەیشتووە لەگەڵ پاشـکۆیەك بۆنـاوی والـی و فـەرمانڕەوا ئومەوییـەکانی ناوچـەو مەڵبەنـدە کوردنشـینەکان و ریزبەنـدی لیسـتی سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کۆتاییمان بەتوێژینەوەکە هێناوە.

لـە کـۆی گشـتی توێژینەوەکەشـدا هەوڵـدراوە هەڵوێسـتی کـورد لـەنێو ئـەو ڕووداوانـەدا وەك خـۆی بخەینـە بەرچاو، دواتر ڕاڤە و بۆچوونی خۆمانی لەسەر بخەینەڕوو، تا کارەکەمان لەئاست ڕاستی مێژوویی و واقیعییەتی سەردەمەکەدا و بواری ئاکادیمیدا بێت. بەهیوای ئەوەشین کارێکی زانستیمان ئەنجام دابێت.

**پێشـەکی:**-هەڵبـژاردنی توێژینەوەیـەکی زانسـتی، کـە ئامـاژە بـە پێگـەی کـورد بکـات لـە ڕووداوە سیاسـییەکانی دەوڵەتێکی خەلافەتی ئیسلامی، کـە (دەوڵـەتی خەلافـەتی ئومەوی)یـە، کـارێکی سـەخت و گـرنگ بـووە. سـەختی کارەکەش لەوەدا نەبووە، کە قسەکردن و نووسـین لەسـەر پێکهاتەیـەکی وەك کـورد ئەسـتەم بێـت، بـەڵکو لـەوەدا

بووە، کە گەیشتن بە تۆمارە مێژووییەکان تا بە ووردەکاری ئەو لایەنە دەگات ئاسان نەبێت. بەتایبەت بۆ دەوڵەتێك، کە (کورد) وەك پێکهاتەیەك لەپاڵ کۆمەڵ و ڕەگەزە ناعەرەبەکاندا بە (مەوالی) ناسرابن. ئەوەش بەو مانایەی، کە لەنێو تۆماری ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا کاتێك باس لە دۆخ و ژیان و هەڵوێستی مەوالییەك کرابێت، دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی وەك (کورد) کارێکی ئاسان نەبووە، بەتایبەت پێگەو هەڵوێستی لە ڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکاندا، لەوانە لە ململانێی نێوان دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی و کۆمەڵەی خەوارج و پەیڕەوانی شیعە و لایەنگرانی (موسعەب و عەبدوڵلاّ) کوڕانی (زوبێری کوڕی عەوام)دا، بۆیە توێژینەوەیەکی لەو شێوەیە پێویستی بە مامەڵەیەکی زانستی هەبوو، تا لەلایەك دەرکەوتنی ئەو پێکهاتەیە بخاتەڕوو. لەلایەکی دی بەشداری کورد وەك پێکهاتەیەکی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی، لە شەڕی هەریەك لەو کۆمەڵانە و دژایەتی هەریەك لەوان بۆی، دیاری بکات. دیارە ئەوەش بەهۆی ئەوەی خودی مەڵبەندە کوردنیشنەکان، کەوتبوونە نێو شەڕ و ململانێکان و پێگەی هەندێك لەو ڕووداوانە. ئەمەو بەهۆی لایەنگری کوردەکانیش بۆ یەکێك لەو هێزانە، هۆکاری تێوەگلانی بوو لە شەڕ و ململانێکان.

لێرەوەو بۆ تیشك خستنەسەر ئەو واقیعە مێژووییەو دوای پشتبەستن بەچەندین دەقی ئایینی و مێژوویی لەچەندین سەرچاوەو زمانی جیاواز، کار بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەنە لەو دەوڵەتە کراوە. هەربۆیە هەوڵدراوە ڕۆڵ و پێگەی کورد لە ڕوووداوە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئەو دەوڵەتەدا، بە بەشداری کورد لە هەردوو لایەنی ئایینی و سیاسی بزووتنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی نەیار بە دەوڵەت و بنەماڵەی ئومەوی، لە تۆمارە مێژووییەکاندا بدۆزینەوە. دواتر بە ئەنجامێك کۆتاییمان بەتوێژینەوەکە هێناوە، لەگەڵ خستنەڕووی پاشکۆیەك بۆ فەرمانڕەوا ئومەوییەکانی ناوچە و مەڵبەندە کوردنشینەکان و لیستی سەرچاوەکان، کە بۆ ئەم کارە سوودییان لێوەرگیراوە.

**کورد و دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی:-** کاتێك دەمانەوێت سەنگ و پێگەی کورد لەو سەردەمە لە ڕووداوە ناوخۆییەکانی نێو ئەو دەوڵەتە دیاری بکەین، کە توێژینەوەکەمانی لەسەر بنیاتنراوە، دووچاری کێشەیەکی گەورە دەبین، بەوەی ناوی سەرجەم خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەت و سەرکردەی جوڵانەوەو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی دژ بەدەوڵەت و سەدان بەرپرس و کەسایەتی تری سەردەمەکە لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆمارکراون، کەچی ناوی سەرکردە یان کەسایەتییەکی کوردمان بە دگمەن دەست دەکەوێت، کە ڕۆڵی لە ڕووداوەکانی سەردەمەکەدا بووبێت! ئەوەش لە کەمتەرخەمەی مێژوونووسان و گەشتیارانی سەردەمەکە و دواتر بووبێت، یان لە کەمتەرخەمی خودی کورد، کە نەیانتوانیووە ئاوڕێك لەو لایەنە بدەنەوەو تۆماری ئەو ناوانە بکەن، کە ڕۆڵیان لەسەر سەردەمەکە و دەوڵەت و نەیارەکانی بووە. نەوەك هەر ئەوە، بەڵکو بۆ تۆمارەکانی ئەو سەردەمەدا جگە لە (چوار تا پێنج) ئاماژەی لاوەکی کورت ئاماژەیەکی وەها بەکورد نەکراوە[1]. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە دۆزینەوەی پێگەی کورد کەمتەرخەم بین و بەشوێن سەنگ و ڕۆڵیدا نەگەڕێن. یان کەلێنەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە بە شێوەیەك لە شێوەکان پڕ نەکەینەوە، چونکە بەو کارە خزمەتێك بە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بەگشتی و کورد لەو قۆناغە بەتایبەت دەکەین.

**سیاسەتی ئومەوییەکان بەرامبەر بە کورد:** بەر لەوەی ڕۆڵ و پێگەی کورد و بارودۆخی ژیانیان لەو دەوڵەتەدا ڕوون بکەینەوە، پێویستە ئاماژە بە سیاسەتی ئومەوییەکان بکەین بەرامبەر بە (کورد) وەك پێکهاتەیەکی ناو

---

[1]. بۆ ئەو مەبەستە، بڕوانە: (د. زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا (١٦-٦٥٦ك/٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپی دووەم، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بلاّوکردنەوە-چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠١١ز، ل٥٤).

دەوڵەتەکە، تا بەهۆیەوە لەشێوازی تێـڕوانینی ئـەوان و رازیبوونیـان بـە سیاسـەتی ئومەوییـەکان یـان دژایـەتی و پەرچەکردارییان بزانین. بەر لەهەر شتێکیش پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، کە (کورد) لەو سەردەمەدا وەك تێکڕایی کۆمەڵە ناعەرەبەکان بە (مـەوالی)[٢] ناسـرابوون. مەوالییـەکانیش (دوو) جۆر پێکهاتـە بـوون. یەکـەمیان ئەوانـە بوون، کە موسڵمان بوون و باوەڕیان بەئایینی ئیسلام هێنابوو وە وەك تێکڕای کۆمەڵە ناعەرەبەکان بە (مـەوالی) ناسرابوون[٣]. دووەمیان ئەوانە بـوون، کـە موسـڵمان نـەبوون و سـەر بـە بـاوەڕێکی ئـایینی دیـاریکراو بـوون وەك (جوو، مەسیحی، زەردەشتی،...تاد)و (أهل الذمة)یان پێدەوترا[٤]. بەو پێیەشی پەیڕەوی ئەو ئایینانـە لەهـەرێم و مەڵبەندە کوردنشینەکاندا بوونیان هەبوو، بۆیە لە ڕووداوە سیاسـییە ناوخۆییـەکانی دەوڵەتەکـەدا دوورە پـەرێز نەبوون[٥]. لەو چوارچێوەیەدا کوردەکان وەك پێکهاتەیەکی مەوالی نێو دەوڵەتەکە، تەنیا خاوەنی یەك ئایین یان یەك ئایینزا نەبوون، بەڵکو بەسـەر چـەندین ئـایین و ئـایینزادا دابەشـبوون. واتـە ئەوانـەی موسـڵمان نـەبوون و خاوەنی کتێب بوون و لەسەر باوەڕە کۆنەکەیان مانەوە، باجی حزیەیان لێوەرگیرا. ئـەوەش لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو دەقـــــــــــە قورئانییـــــــــــــــەی، کـــــــــــــە دەفـــــــــــــەرموویت ‘‘ قَـــــــــــاتِلُوا الَّذِيـــــــــــنَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ ﴿٢٩﴾ ’’[٦]. ئەوانەشی خاوەن کتێب نەبوون، شەڕیان کراو دژایەتیکردنیان بە ڕەوا زانرا. بە بڕوای (ئـەبو یوسف)یش ‘‘موسڵمانەکان تـەنیا لەبەرامبـەر پێنـەدانی (بـاجی جزیـە) شـەڕی جـوو و مـەسیحی و زەردەشـتی و سابئەی مەندائییەکانی و ئەوانەی تریـان نـەکرد، بـەڵکو لەبـەر ئـەوە شـەڕیان کـردن، چـونکە دژ بـە سیاسـەت و بەرژەوەندییەکانیان بوون’’[٧]. هەربۆیە دژایەتی ئەوانیش لـە تێڕوانینـی دەوڵـەتی خەلافەتـەوە بـە ڕەوا زانـرا. واتە ئایین و باوەڕ گرنگ نەبوو، بە ئەندازەی ئەوەی گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ ئەرك و داواکـانی دەوڵـەت گـرنگ بـوو. سـەبارەت بـە بـاجی جزیـەش، کـە خرابـووە سـەر ئەوانـەی لەسـەر بـاوەڕە کۆنەکـەیان مانـەوە، جیـاوازی بۆچوونی لەلایەن خەلیفەکانی ئومەوی لێکەوتەوە. وەك ئەوەی زۆربەی خەلیفـەکانی ئومـەوی بـاجی جزیـەیان

---

[٢]. لەسەر چەمك و زاراوەی (مەوالی) بۆچوونی جیاجیا هەیە، بەلاَم زۆربەی مێژوونووس و توێژەر و زمانـەوان و خۆرهەلاَتناسان لەسـەر ئـەوە کـۆکن، بـەو کەس و کۆمەڵە ناعەرەبانە ووتراوە، کە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە. زاراوەکەش لەوەوە وەرگیراوە، کە هەر کەسێکی ناعەرەب واتە ئەگەر لە نەتـەوە و پێکهاتـەی عـەرەب نەبوایـە و بـاوەڕی بـە ئـایینی ئیسلام بهێنایـە، دەبوایـە بچێتە ژێـر پارێزگاری کەسێکی عـەرەبی موسـڵمان، بـەو جـۆرە کەسـە ناعەرەبـە موسڵمانبووەکە دەبووە (مەولی)ی کەسە عەرەبەکە. بەوەش بە (مەوالی) دەناسرا. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە : ((د. نەبەز مـەجید ئـەمین: دەوڵـەتی ئومـەوی و کەسایەتی خەلیفەکانی لە دید و بۆچوونی هەنـدێ لـە ڕۆژتەلاَتناسـاندا، چاپی یەکـەم، سلێمانی، هـەرێمی کوردستانی عێـراق-عێـراق، ٢٠٠٢ز، ل٢٥، نـەریمان عبداالله علی: ڕەوشـی مـەوالی لـە سـەردەمی ئومەویـدا (٤١-١٣٢ك/٦٦١-٧٥٠ز) لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژوویی سیاسـی کۆمەلاَیەتییـە، نامـەی ماسـتەری بلاَونـەکراوە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦ز، لل(١١-٢٢) )).

[٣]. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە : ((د. نەبەز مەجید ئەمین: ه.س، ل٢٥، نەریمان عبداالله علی: ه.س، لل(١١-٢٢) )).

[٤] . بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((أبن منظور، لسان العرب، حققه و علق عليه، عامر أحمد حيدر، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية-بيروت، لبنان، ٢٠٠٣م، ٢٥٧/١٢، بناز أسماعيل عدو: أهل الذمة في بلاد الكرد في العصر العباسي/١٣٢-٦-٤٤٧هـ/٧٤٩-١٢٥٨م)-دراسة تاريخية تحليلية، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر-أربيل، أقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠١١م، صص٤٥-٧٣)).

[٥] . بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((بنيامين التطيلي: رحلة بنيامين، ترجمة: عزرا حداد، مقدمة: عباس العزاوي، الطبعة الاولى، المطبعة الشرقية-بغداد، العراق، ١٩٤٥م، صص(١٥٣-١٥٨)، نيشتمان بشير: الاحوال السياسية و الاجتماعية في غربي أقليم الجبال-رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الاداب في جامعة صلاح الدين، أربيل، أقليم كردستان العراق-العراق، ١٩٩٤م، ص٩٨، درويش يوسف هروري: بلاد الهكاري (٣٣٤-٥٧٣٧هـ/٩٤٥-١٣٣٦م) الطبعة الاولى، دار سبيريز-دهوك، أقليم كردستان العراق-العراق، ٢٠٠٥م، ص٣٨)).

[٦]. سوورەتی (التوبە)، ئایـەتی(٢٩). مانـای ئایەتەکـە بـەم شـێوەیە ‘‘شـەڕی ئەوانـە بکـەن، کـە باوەڕیـان بـە خـودا و ڕۆژی دوایـی نییـە و ئەوانـەیان قەدەغـە نەکردووە، کە خودا و پەیامبەری خودا قەدەغەیان کردووە و باوەڕیان بە ئایینی ڕاستەقینە نـەهیناوە لەوانـەی خـاوەن کتـێبن، هـەتا جزیـە ئـەدەن و ملکـەچ دەبن’’.

[٧]. : كتاب الخراج، الطبعة الاولى، مطبعة بولاق-القاهرة، مصر، ١٣٠٢هـ، ص٧٣.

لەسەر ئەوانە لانەبرد، کە باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێنا، بەڵکو لەپاڵ (جزیە)دا باجی خەراجیشان بەسەردا سەپێنرا[٨]. ئەو بڕیارەش بە توندی لەلایەن (حەجاج) کاری لەسەر کرا[٩]، بەلام خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) بە موسڵمانبوونی کەسەکە باجەکەی لابرد[١٠]. بەوەش هەزاران کەس تەنیا لە ناوچەکانی خۆراسان و ئازەربایجان هاتنە سەر ئاینی ئیسلام و بوونە موسڵمان[١١].

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا وەك پێشووتر لە (کۆچەری و گوندنشین و شارنشین) پێکهاتبوون[١٢]. سامان و دارایی کۆچەرییەکانیش چەندین جۆر ئاژەڵی وەك (مەڕ و بزن و مانگا و گا و ئەسپ و ماین و گوێدرێژ) بوو[١٣]. گوندنشینەکانیش کە زۆرینەی دانیشتوانی کورد ئەو سەردەمیان پێکدەهێنا[١٤]، لەسەر کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ دەژیان و شارنشینەکانیش سەرقاڵی کاری بازرگانی و چەندین پیشەی تر بوون، کە وەك پێکهاتەیەکی سادەی دەوڵەت و دوور لە دەسەڵات و کاروبارەکانی دەوڵەت ژیانیان بەسەر دەبرد[١٥]، چونکە هیچ پۆستێکی ئاینی و سیاسی و کارگێڕی و تەنانەت سەربازیشیان پێنەدرا[١٦]، جگە لە بەشداری بەشێکیان لە پێکهاتەی سوپای ئومەویدا، تا لە لێدانی شۆڕش و ڕاپەڕین و جوڵانەوە ناوخۆییەکانیاندا بەکاریان بهێنن[١٧]. تەنانەت ئومەوییەکان بەلایانەوە ڕەوانەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ ئەوان وەك مەوالییەکانی دیکە بکەن، چونکە بە توێژێکی نزمتر لە خۆیان دەزانی[١٨]. هەربۆیە بارودۆخەکەیان وەك سەردەمی پێشتر گۆڕانکاری بەسەردا نەهات،

---

[٨]. خوله شاكر الدجيلي: بيت المال-نشأته و تطوره من القرن الاول حتي القرن الرابع الهجري، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة الاوقاف-بغداد، العراق، ١٩٧٦م، ص٤٣، احمد محمود خليل: تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة و النشر-اربيل، اقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠١٣م، ص١٦٠، د.محمد سهيل طقوش: التاريخ الاسلامي الوجيز، الطبعة الخامسة، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، لبنان، ٢٠١١م، صص١٤٣-١٤٤، د. غلام حسين صديقي: الحركات الدينية المعارضة للاسلام في ايران في القرنين الثاني و الثالث الهجريين، ترجمة: د. مازن اسماعيل النعيمي، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع-دمشق، سورية، ٢٠١٠م، ص٢٤.

[٩] . الجاحظ: الحيوان، الطبعة الاولى، دار و مكتبة الهلال-القاهرة، مصر، ١٩٩٠م، ١٦٥/٧، محمد طيب النجار: الموالي في العصر الاموي، الطبعة الاولى، دار النيل-القاهرة، مصر، ١٩٤٩م، ص٤٨، محمد بديع شريف: الصراع بين الموالي و العرب، الطبعة الاولى، دار الكتاب العربي-القاهرة، مصر، ١٩٥٤م، ص٢٦، يوليوس فلهاوزن: الدولة العربية و سقوطها، ترجمة: يوسف العش، الطبعة الاولى، مطبعة الجامعة السورية-دمشق، سورية، ١٩٥٦م، ص١٩٨، علي حسني الخربوطلي: تاريخ العراق في ظل الحكم الاموي، الطبعة الاولى، دار المعارف-القاهرة، مصر، ١٩٥٩م، ص٤٠٤، فان فلوتين: ابحاث في السيطرة العربية و التشيع و المعتقدات المهدوية في ظل خلافة بني امية، ترجمة: ابراهيم بيضون، الطبعة الثانية، المؤسسة الجاميعة للدراسات و النشر و التوزيع-بيروت، لبنان، ١٩٨٥م، ص٨٥.

[١٠]. : الخطط المقريزية، الطبعة الاولى، مطبعة النيل-القاهرة، مصر، ١٣٢٤هـ.ش، ١٢٥/١، بندلي جوزي: من تاريخ الحركات الفكرية في الاسلام، دراسة و تحقيق: د. محمود اسماعيل، الطبعة الاولى، دار رؤية للنشر و التوزيع-القاهرة-مصر، ٢٠٠٦م، صص٨٢-٨٣، عبدالحسين زرين كوب: بامداد اسلام، چاپ دوازدهم، مؤسسة انتشارات اميركبير-تهران، ايران، ١٣٨٤هـ.ش، ص١٤٧، صديقي: س.پ، ل٢٦.

[١١] . صديقي: ه.س، ل٢٦.

[١٢]. ميريلا غاليتي: التراث الكردي في مؤلفات الايطاليين، تعريب: د. يوسف حبي، مجلة المجمع العلمي العراقي- الهيئة الكردية، بغداد، العراق، ١٩٨١م، ٢٨٥/٨-٢٨٦، پ. د. زرار صدیق تۆفیق: کۆمەڵگای کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠١٤ز، ل٥١.

[١٣]. الازهري: تهذيب اللغة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ٢٠٠١م، ٢٤٢/٦، الملك المجاهد علي بن داود بن يوسف: الخيول اليمينة في المملكة الرسولية، تحقيق: هلال ناجي، مجلة المورد، العدد (٤)، بغداد، العراق، ١٩٨٣م، ١٠٩/١٢.

[١٤]. پ.د. زرار صدیق تۆفیق: کۆمەڵگای کوردی، ل٦٢.

[١٥]. د. حكيم احمد خوشناو: الكورد و بلادهم عند البلدانيين و الرحالة المسلمين (٢٣٢-٦٢٦هـ/٨٤٦-١٢٢٩م)، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع-دمشق، سورية، ٢٠٠٩م، ص٣٠٢.

[١٦] . بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (رياض عبدالحسين البدراوي: الموقف الاموي من الموالي بين الشبهات و الواقع التاريخي، الطبعة الاولى، دار تموز للطباعة و النشر و التوزيع-دمشق، سورية، ٢٠١١م، صص١٣٧-١٨٩).

[١٧] . د. نزار محمد قادر النعيمي: الجيش و تاثيراته في سياسة الدولة الاسلامية منذ تاسيسها و حتى سقوط بغداد (١-٦٥٦ه/٦٢٢-١٢٥٨م)، الطبعة الاولى، دار المتنبي للنشر و التوزيع-أربد، الاردن، ٢٠٠٥م، ص٧٨.

[١٨] . د. عصام عبدالرؤوف الفقي: دراسات في التاريخ الدولة العباسية، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي للطبع و النشر-القاهرة، مصر، ٢٠٠٠م، ص١٥.

تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە دەبوا ملکەچی ڕێسا و یاساکانی دەوڵەتی نوێ بن[١٩]. ئەو پەراوێزخستنەش هۆکاری ئەوە بوو ڕوو لە هەر جوڵانەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشێك بکەن، کە دژ بەو دەوڵەتە و بەرپرسانی ئەنجام بدرێت[٢٠]. دیارە لەگەڵ ئەوەی مەوالییەکان بە کوردیشەوە لە ڕووی ژمارە و مەڵبەندەکانیانەوە زۆر لە پێکهاتەی عەرەبەکان زیاتر بوون، کەچی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو[٢١]. ئەوەش بەدەر لەوەی لە نێو خودی ئەواندا کەسانی بازرگان و پیشەوەر هەبوو، جگە لە خەڵکانی کاسبکار لە شارەکان و توێژی جوتیاران لە گوندەکان. هەربۆیە بەو هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیانبوو ئەوانی هاندا دەست بدەنە ڕاپەڕین و شۆڕش. هۆکاری سەرەکی پەنابردنی ئەوانیش بۆ ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە، دڵڕەقی بەرپرسانی ئومەوی و مامەڵەی خراپی ئەوان بوو لەگەڵیان، لەپاڵ ئەو باجە زۆرەی خرابووە سەریان[٢٢]. بەلگەی نارەزایی ئەوانیش وەك مەوالییەکانی دیکە لە چەندین سیاسەتی چەوتی ئومەوییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین جوڵانەوەو شۆڕش بوون بە ڕوویاندا. ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەش لەلایەن خۆیانەوە نا، بەڵکو لەلایەن چەندین سەرکردەی کۆمەڵەکانی خەوارج و شیعەوە پێشەوایەتی دەکران.

لەلایەکی دیکەوە بەشێك لەو کوردانەی مەڵبەندەکانیان بووە پێگەی نەیارە ناوخۆییەکانی دەوڵەت، دەبوا شەڕی ئومەوییەکان بکەن، چونکە لەلایەك مەڵبەند و مافەکانیان زەوتکرابوو، لەلایەکی دی خاوەنی وڵاتێکی یەکگرتوو نەبوون، تا خۆیانی تێدا سەردەستەو خاوەن بڕیار ببینن[٢٣].دیارە ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە لەو دەوڵەتەدا مەڵبەند کوردنشینەکان و خاکەکەی پێگەیەکی گرنگی دەوڵەتەکە بوون، لەوانە هەرێمەکانی (چیا و جزیرە و ئازەربایجان و فارس)[٢٤]. ئەمەو ئەو ناوچانە بەهۆی سەختی ناوچەکەو دووری لە (دیمەشق)ی پایتەختی دەوڵەت، هۆکاری پەناهێنان و کۆبوونەوەی چەندین کۆمەڵ و پێکهاتەی نەیار بەوان بوو[٢٥]. لەم نێوەندەشدا ناوچەی شارەزوور لە هەرێمی چیا بووە یەکەمین پێگەی کۆمەڵی خەوارجی نەیار بە دەوڵەت، چونکە ئەو ناوچەیە بەهۆی سەختی و هاوسۆزی خەڵکەکەی بۆ کەس و کۆمەڵە هەڵاتووەکان، باشترین پێگەی

---

[١٩]. د. نەبەز مەجید ئەمین: س.پ، ل٢٥، د. فرست مرعي أسماعيل: الفتح الاسلامي لكردستان، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع-دمشق، سورية، ٢٠١١م، ص١٦٧.

[٢٠]. د. صلاح مهدي الزبيدي: دراسات في الشعر العباسي، الطبعة الاولى، الاكاديميون للنشر و التوزيع-عمان، الاردن، ٢٠٠٤م، ص١١.

[٢١]. الفقي: س.پ، ل١٥، د. عبدالعزيز الدوري: مقدمة في تاريخ صدر الاسلام، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربية-بيروت، لبنان، ٢٠٠٥م، ص١١، د. احمد محمود خليل: س.پ، ل١٦٣.

[٢٢].فلهاوزن: الدولة العربية و سقوطها، ص٢٤٤، د.جمال جودة: الاوضاع الاجتماعية و الاقتصادية للموالي في صدر الاسلام، الطبعة الاولى، دار البشير للطباعة و النشر و التوزيع-عمان، الاردن، ١٩٨٩م، ص٢.

[٢٣].ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، اعتناء و دراسة: احمد الزعبي، الطبعة الاولى، شركة دار الارقم بن ابي الارقم للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، لبنان، بلا، ص١٧٤، فلهاوزن: الدولة العربية و سقوطها، ص٦٠.

[٢٤].المسعودي: مروج الذهب و معادن الجوهر، عني به: د.محمد هشام النعسان و د.عبدالمجيد طعمة حلبي، الطبعة الاولى، دار المعرفة-بيروت، لبنان، ٢٠٠٥م، ٣/١٨٢، ابن حوقل: صورة الارض، الطبعة الثانية، دار صادر للطباعة و النشر و التوزيع—بيروت، لبنان، بلا، صص(٢٠٥-٢٣٠، ٢٦٢-٣٠٤، ٣٥٧-٣٧٣)، المقدسي: احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، الطبعة الاولى، مطبعة بريل-ليدن، هولندا، ١٩١٩م، صص(٣٨٤-٤٠٢، ٤٢٠-٤٥٩)، ابن بطوطه: تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأصفار، الطبعة الأولى، دار الشروق العربي-بيروت، حلب-سورية، بلا، صص(١٨٣-١٩١)، د. فرست مرعي: س.پ، ل١٧٩.

[٢٥]. فائزة محمد عزت: الكرد في اقليم الجزيرة و شهرزور في صدر الاسلام، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة الى كلية الاداب في جامعة صلاح الدين-اربيل، العراق، ١٩٩١م، ص١١٢، احمد ميرزا ميرزا: غربي اقليم الجبال في صدر الاسلام حتى سنة (١٣٢ه/٧٤٩م) دراسة في التاريخ السياسي، رسالة ماجستر غير منشورة مقدمة الى كلية الاداب في جامعة صلاح الدين-اربيل، العراق، ١٩٩٥م، ص١٠٨.

**ئەوان بوو[٢٦]. کاتێکیش ئەو کۆمەڵە، دوای شکستیان لە شەڕی (نەهرەوان) لەبەرامبەر سوپای خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبی تالیب/ڕ.خ) لەساڵی (٣٨ك/٦٥٨ز)[٢٧] گەیشتنە شارەزوور، بە مەبەستی ڕاکێشانی دانیشتوانەکەی و بەکارهێنانی لایەنی ئایینییان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان، بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە دەکرێت پێشەوای موسڵمان هەر لە بنەماڵەی پەیامبەر (د.خ) و تەنانەت قوڕەیش و عەرەبیش نەبێت، بەڵکو دەکرێت کۆیلەیەکی حەبەشی بێت، بەو مەرجەی دادوەر و پاك بێت[٢٨].ئەو بانگەشەیەش ڕۆڵی لە ڕاکێشانی کوردەکانی شارەزووردا بینی، تا بەو هۆیەوە پشتیوانیان لێبکەن. ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە ئەو سەردەمە و تەنانەت دواتریش باوەڕ وا بوو، کە (پێشەوایان دەبێت لە هۆزی قوڕەیش) بێت، چونکە پەیامبەری ئیسلام (د.خ) لەو بارەوە فەرموویەتی ''الائمة من قريش''[٢٩]، لەکاتێکدا لە فەرموودەیەکی تردا هاتبوو ''ولو أستعمل عليكم عبد حبشي يقودكم بكتاب الله فاسمعوا له اطيعوا''[٣٠]. ئەو بانگەشەیەش هۆکاری خۆی هەبوو، کە کۆمەڵەی خەوارج لە ڕێگەیەوە خەڵکانێك لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، کە یەکێك لەوان کورد بوون. تەنانەت ئەوان چەندین بۆچوونی نوێیان لەسەر چەند بابەتێکی فیقهی و حەرام و حەڵاڵ، زیاتر ئەوانی بەڕووی نەتەوە ناعەرەبەکاندا کردووە[٣١]، کە ئەوەش زەمینەی ڕاکێشانی کوردەکانی بۆ لای خۆیان ئاسان کرد. تەنانەت ئەوانی هاندا لەیەکەم پەناهێنانی ئەوان بۆ ناوچەی شارەزوور، پشتیوانیان لێبکەن و بەرامبەر دەوڵەتی خەلافەت لە سەرەتای دامەزاندن و یەکەمین دەرکەوتیندا بوەستن.**

**١. کورد و بزووتنەوە ئایینییەکان: یەکێك لەو هەوڵ و کاردانەوانەی بەشێکی کوردەکان بەرامبەر بە دەوڵەت و بنەماڵەی ئومەوی، بەشداریان بوو لە بزووتنەوە ئایینییەکاندا. واتە ئەوانەی بە مۆرکێکی ئایینی بانگەشەیان بۆ دژایەتی بنەماڵەی ئومەوییەکان و دەوڵەتەکە کرد. یەکەم کاردانەوەی ئەوانیش بەرامبەر بە ئومەوییەکان بەشداریان بوو لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵەی خەوارج بە سەرکردایەتی (فەروەی کوڕی نەوفلی ئەشجەعی) لەناوچەی شارەزوور. ئەوەش کاتێك (فەروە) بە (هەزار و پێنج سەد) کەس لە لایەنگرانی گەیشتە (شارەزوور)و**

[٢٦]. مسعر بن مهلهل: الرسالة الثانية، تحقيق: بطرس بولخاكوف و انس خالدوف، الطبعة الاولى، دار النشر للاداب الشرقية-موسكو، الاتحاد السوفيتية الاشتراكية، ١٩٦٠م، ص٥٩.

[٢٧]. اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، علق عليه و وضح حواشيه: خليل منصور، الطبعة الثانية، مطبعة شريعت-قم المقدسة، جمهورية ايران الاسلامية، ١٤٢٥هـ.ش، ١٣٤/٢، الذهبي: دول الاسلام، حققه وعلق عليه: حسن اسماعيل مروة، الطبعة الثانية، دار صادر للطباعة و النشر-بيروت، لبنان، ٢٠٠٦م، ٢٩/١، ابن الجوزي: تبليس ابليس، الطبعة الخامسة، مؤسسة الكتب العلمية-بيروت، لبنان، بلا، ص٨٢، السيوطي: تاريخ الخلفاء، دارابن حزم للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، لبنان، ٢٠٠٣م، صص١٤٠-١٤١.

[٢٨].الشهرستاني: الملل و النحل، صححه و علق عليه: احمد فهمي محمد، الطبعة السابعة، دار الكتب العلمية-بيروت، لبنان، ٢٠٠٧م، ١٠٨/١، ابن الجوزي: س.پ، ل٨٧، ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، دار الافاق العربية-القاهرة، مصر، ٢٠٠١م، ص٩٧، احمد امين: فجر الاسلام، الطبعة الحادية عشرة، دار الكتاب العربي-بيروت، لبنان، ١٩٧٩م، صص٢٥٨-٢٥٩، فريدون اسلام نيا: نگاهى به تاريخ ايران بعد از اسلام، چاپ اول، مؤسسه انتشارات حسين اصل-اورميه، ايران، ١٣٨٣هـ.ش، ص١٦.

[٢٩]. اليعقوبي: س.پ، ١٤٧/٢، البغدادي: الفرق بين الفرق، دراسة و تحقيق: مجدي فتحي السيد، الطبعة الاولي، المكتبة التوفيقية-القاهرة-مصر، بلا، ص٢٣، ابن خلدون: مقدمة، ص٢٢٥. ماناى فەرموودەکەش بەم شێوەیە ''پێشەوا لە قوڕەیشییەکانە''.

[٣٠]. النسائي: سنن النسائي، الطبعة الاولى، دار ابن حزم للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، لبنان، ١٩٩٩م، باب كتاب البيعة، رقم الحديث (٤١٩٤)، ص٦١٠.

[٣١]. البغدادي: س.پ، ل٢٤.

دژایەتی خۆیان بۆ بنەماڵەی ئومەوی و یەکەمین خەلیفەی (موعاویەی کوری ئەبوسوفیان) ڕاگەیاند[٣٢]. ئەو سەرباری ئەوەی یەکێك بوو لە دیارترین سەرکردەکانی خەوارج لەو قۆناغەدا، یەکێکیش بوو لە هاوەڵانی پیامبەر (د.خ)[٣٣]، بەڵام (موعاویە) دوای سەرکەوتنی لە پۆستەکەی بۆ پایەی خەلافەت، بەهۆی داوایەکی لە دانیشتوانی (کوفە) توانی ڕووبەڕوویان بێتەوەو بەسەریاندا سەربکەوێت. بەوەش توانی لە کوشتنی (نەوفل)دا سەرکەوتوو بێت[٣٤]. ئاسایی باجی ئەو ڕووداوەش ناوچە و مەڵبەند و دانیشتوانێکی کوردنشینی وەك (شارەزوور) دایان. ئەمەش جگە لە بوونی کۆمەڵەکانی تری خەوارج وەك (ئەزارقە، سەفریە، بەیهەسی) لە چەندین مەڵبەندی کوردنشین[٣٥]، کە زەمینەی بۆ ئەوان ڕەخساند کەڵك لە کورد و مەڵبەندەکانیان وەربگرن.

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکەی (فەروە) کۆمەڵێکی تری خەوارج بە سەرکردایەتی (حۆسرەی ئەسەدی) بە (١٥٠) کەسەوە لە شاری (مەندەلی) خۆیان حەشاردا، تا دەست بەرپرسانی ئومەوی نەکەون و لەکاتی شیاودا دەست بە ڕاپەڕین بکەن، بەڵام لەلایەن ئومەوییەکانەوە شوێن پێیان هەڵگیراو دۆزرانەوە. ئەوەش کاتێك (موعاویە) لە نامەیەکدا داوای لە (حابسی تائی) کرد شوێنیان بکەوێت و لێیان بدات. ئەویش لە پەلامارێکدا بۆ سەر ئەو شارە لە سەرکردە و لایەنگرانیانیداو بڵاوەیان پێکرا[٣٦].

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵەی (خەوارجی سەفریە) توانیان سەرنجی کوردی ناوچەکانی (موسڵ و جزیرە) بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن[٣٧]. ئەوەش بەوەی بەشێکی پێکهاتەی دانیشتوانی شاری (موسڵ)و دەوروبەری لە کورد پێکهاتبوون[٣٨]. هەربۆیە کاتێك ئەو کۆمەڵەیەی خەوارج توانیان ئەو ناوچەیە بکەنە پێگەی خۆیان[٣٩]و بە سەرکردایەتی (زیاد کوڕی خەراش ئەلعەجەلی) لەساڵی (٥٢ك/٦٧٢ز) دەست بدەنە جوڵانەوەیەك، کوردەکان بوونە پشتیوانیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئایندەی جوڵانەوەکە شکست بوو، کاتێك (زیاد بن ابی) والی ئومەوی لە عێراق بەرامبەریان وەستا و دووچاری شکستی کردن. هەربۆیە لایەنگرانی باجی ئەو کارەیان لەسەر دەستی (زیاد بن ابی) وەرگرت[٤٠]، چونکە (زیاد) یەکەمین والی بوو فرمانەکانی خەلیفەی وەك دەقی ئایینی وەرگرت و کاری پێکرد[٤١].

---

[٣٢]. ابن الاثير: الكامل في التاريخ، تحقيق: خيري سعيد، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة، مصر، بلا، ٢٥٦/٣، أبن كثير: البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق و توثيق: صدقي جميل العطار، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، لبنان، ٢٠٠٨م، ٣٥٦/٥، خضري بك: محمد خضري بك: الدولة الاموية، اعتنى به: د.درويش جويدي، الطبعة الاولى، المكتبة العصرية-صيدا، لبنان، ٢٠٠٣م، ص٢٩٨.

[٣٣]. ابن سعد: طبقات الكبري، الطبعة الاولى، دار صادر-بيروت، لبنان، بلا،٣٤١/٢، الأصبهاني: حلية الاولياء وطبقات الأصفياء، الطبعة الرابعة، بيروت، لبنان، ١٤٠٥ه، ١٥٥/١، العسقلاني: الاصابة في تميز الصحابة،الطبعة الاولى، بيروت، لبنان، ١٩٩٢م، ٣٤٦/٣.

[٣٤]. اليعقوبي: س.پ، ١٥١/٢.

[٣٥]. د.محمود زيادة: الحجاج بن يوسف الثقفي، الطبعة الثالثة، دار السلام للطباعة و النشر و التوزيع-القاهرة، مصر، ٢٠٠١م، ص١٧٣.

[٣٦]. المبرد. الكامل في الادب و اللغة، تحقيق: جمعة الحسن، الطبعة الثالثة، دار المعرفة-بيروت، لبنان، ٢٠١٠م، ٦١٤/٢، خضري بك: س.پ، ل٢٩٨.

[٣٧]. احمد ميرزا ميرزا: س.پ، ل١١٦.

[٣٨]. خيرالله العمري: منهل الاولياء و مشرب الاصفياء عن سادات الموصل و الحدباء، تحقيق: سعيد الديوەجي، الطبعة الاولى، مطبعة الجمهورية-الموصل، العراق، ١٩٦٧م، ص٦٧، محمود ياسين التكريتي: الامارة المروانية في دياربكر و الجزيرة، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الاداب-جامعة بغداد، العراق، ١٩٧٠م، ص٤٩.

[٣٩]. ابن قتيبه: عيون الاخبار، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، لبنان، بلا، ١٦٣/١، الطبري: تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفى السيد و طارق سالم، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة-مصر، بلا، ٢٠٤/١.

[٤٠]. ابن الاثير: س.پ، ٣١٨/٣.

[٤١]. الطبري: س.پ، ٢٢١/٣، ابن خلدون: تاريخ العبر وديوان المبتدا والخبر في أيام العرب و العجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر، اعتني به: عادل بن سعد، الطبعة الاولى، دار الكتاب العلمية- بيروت، لبنان، ٢٠١٠م، ٩/٣.

بزووتنەوەكەی (موختار كوڕی ئەبی عوبەیدەی سەقەفی) لەساڵی (٦٦ك/٦٨٥ز) وەك كەسایەتییەكی دیاری شیعە، یەكێكی تر بوو لەو بزووتنەوە ئایینییانەی دژ بە سیاسەتەكانی دەوڵەت ڕاپەڕی و بەشێك لە كوردەكان پشتیوانیان لێكرد[٤٢]. ئەو كە پێشتر لەلایەن (عەبدوڵڵای كوڕی زوبێر) بۆ ویلایەتی كوفە دیاریكرابوو، بەڵام قبوڵی نەكردو لێ هەڵگەڕایەوەو بەهیوای گەیشتن بە ویلایەتی عێراق و تۆڵەسەندنەوەی خوێنی (حوسێنی كوڕی عەلی) پەنای بۆ (موحەممەد كوڕی حەنیفە) كرد و بەیعەتی پێدا[٤٣]. دوای ئەوەش خۆی گەیاندە شاری (كوفە)ەوە كردیە بنكەی خۆی و دەستی دایە ڕاپەڕین[٤٤]. دواتر شارەكانی (جزیرە و ئامەد)و چەند ناوچەیەكی عێراق و هەرێمی چیای خستە ژێر دەسەڵاتی و بۆ هەریەك لەو مەڵبەند و شارانەشی دەستی بەسەردا گرتن فەرمانڕەوایەكی بۆ دانان[٤٥]. لە نێو ئەوانەشدا (عەبدوڵڵای كوڕی حارس)ی كردە فەرمانڕەوای ناوچەكانی (هەمەدان و نەهاوەند و دینەوەر)[٤٦]. هەروەها (ئیبراهیم ئەلئەشتەر)ی كردە فەرمانڕەوای جزیرە، (عەبدوڵڵای كوڕی مساور)یشی كردە فەرمانڕەوای (ئامەد و میافارقین)[٤٧]. بەوەش ئەو ناوچانە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت چوونە دەرەوە[٤٨]. هەر لەو ناوچانەش خەڵكانێك شوێن جوڵانەوەكەی كەوتن و بوونە پشتیوانی[٤٩]، چونكە لەو ناوچانە چەندین پەیڕەوانی شیعە هەبوون[٥٠]. یەكێك لەو شارانەی ململانێ ئەو كەسایەتییەی لەگەڵ دەوڵەتی خەلافەت بەهەلزانی و شار و ناوچەكەی دەوروبەریان خستە ژێر دەسەتی خۆیانەوە (حولوان) بوو[٥١]، كە دانیشتوانەكەی لە كورد و عەرەب پێكهاتبوون[٥٢]، بەڵام (موختار) سوودی لەوە وەرگرت و (سەعد كوڕی حوزەیفەی كوڕی یەمان)ی بە (هەزار) چەكدارەوە ناردە سەر شارەكەو مانگانەی (هەزار) درهەمی بۆ دیاریكرد، تا لەپێناو دەستگرتن بەسەر ئەو شار و ناوچەكانی دەوروبەری بەكاری بهێنێت. تەنانەت فرمانی پێكرد، كە لەكاتی دەستگرتن بەسەر شارەكەدا دەست لە دانیشتوانی ناوچەكە نەپارێزێت[٥٣]. ئەوەش لەساڵی

---

[٤٢]. ن. و. پیكولوسكایا و دیگران: تاریخ أیران-از دوران باستان تاپایان سده هجدهم میلادی، ترجمه: كریم كشاورز، چاپ پنجم، أنتشارات پیام، چاپخانه مروی- تهران، ١٣٦٣هـ.ش، ص١٦٩، فاروق عمر فوزي: العباسیون الأوائل، الطبعة الأولى، بیروت، لبنان، ١٩٧٠م، ٢٠٧/١.

[٤٣]. أبو حیان التوحیدی: البصائر و الذخائر، تحقیق: ابراهیم الكیلاني، الطبعة الاولى، مطبعة الانشاء-دمشق، سوریة، ١٩٦٤م، ١٧٣/١.

[٤٤]. الدینوري: الاخبار الطوال، قدم له و وثق نصوصه و وضح حواشیه: د.عصام محمد الحاج علي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمیة-بیروت، لبنان، ٢٠٠١م، صص(٤٢٤-٤٢٩)، الطبري: س.پ، (٤٣٧/٣-٤٤٥)، ابن الاثیر: س.پ، (٤٦٤/٣-٤٦٧)، حسن پیرنیا و عباس اقبال اشتیانی: تاریخ ایران از اغاز تا انقراض ساسانیان و از صدر اسلام تا انقراض قاجاریه، چاپ دوم، أنتشارات میلاد-تهران، ایران، ١٣٨٥هـ.ش، ص٣٦٥.

[٤٥]. الازدي: تاریخ الموصل، تحقیق: د.علي حبیبة، الطبعة الاولى، دار التحریر-القاهرة، مصر، ١٩٦٧م، ٣٧/١، ابن شداد: الاعلاق الخطیرة في ذكر امراء الشام و الجزیرة، تحقیق: یحیي زكریا عبارة، الطبعة الاولى، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي-دمشق، سوریة، ١٩٧٨م، ٢٨٥/٣.

[٤٦]. الدینوري: س.پ، لل(٤٢٨-٤٢٩)، ابن الجوزي: المنتظم في تاریخ الملوك و الامم، دراسة و تحقیق: محمد عبدالقادر عطا و مصطفي عبدالقادر عطا، راجعه و صححه: نعیم زرزور، الطبعة الثانیة، دار الكتب العلمیة-بیروت، لبنان، ١٩٩٥م، ٥٩/٦.

[٤٧]. ابن شداد: س.پ، ٢٨٥/٣-٢٨٦.

[٤٨]. ادریس محمد حسن الدوسكي: همدان من الفتح الاسلامي الي سقوطها بید المغول، الطبعة الاولى، دار سثیریز-دهوك، اقلیم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٦م، ص٨٠.

[٤٩]. مستوفي قزوینی: تاریخ گزیده، باهتمام: د.عبدالحسین نوائی، چاپ چهارم، مؤسسه انتشارات امیر كبیر-چاپخانه سپهر، تهران، ایران، ١٣٨١هـ.ش، ص٢٧٠، عمر فروخ: تاریخ صدر الاسلام و الدولة الامویة، الطبعة الرابعة، دار العلم للملایین-بیروت، لبنان، ١٩٧٩م، ص٢٠٩.

[٥٠]. احمد علبي: العهد السري للدعوة العباسیة او من الامویین الى العباسیین، الطبعة الاولى، دار الفارابي-بیروت، لبنان، ١٩٨٨م، ص٢٢.

[٥١]. مسكویه: تجارب الامم و تعاقب الهمم، حققه و قدم له: د. ابوالقاسم امامي، دار سروش للطباعة و النشر-طهران، ایران، ١٣٧٩هـ.ش، ١٠٢/٢.

[٥٢]. ألأصطخري: المسالك والممالك، تحقیق: د. محمد جابر عبدالعال الحیني، مراجعة: محمد شفیق غریال، الطبعة الاولى، طبعة وزارة الثقافة والأرشاد القومي-الأدارة العامة للثقافة، القاهرة، الجمهوریة العربیة المتحدة، ١٩٦١م، ص٦١، د. زرار صدیق توفیق: القبائل و الزعامات الكردیة في العصر الوسیط، الطبعة الاولى، مؤسسة موكریانى للبحوث و النشر-أربیل، أقلیم كردستان العراق-العراق، ٢٠٠٧م، صص١١٦-١١٧.

[٥٣]. مسكویه: س.پ، ١٠٢/٢.

**(٦٧ك/٦٨٦ز) ڕوویدا[٥٤]. خاڵی سەرنجی ئەو ڕووداوەش ئەوە بوو، کەبەشێك لە لایەنگرانی جوڵانەوەکەی (موختار) کورد بوون[٥٥]. واتە لە هەردوولای ململانێکە پێکهاتەی کورد هەبوون.**

**لەلایەکی دیکەوە (عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد)ی والی عێراقیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخە، فرمانی بە چەندین فەرماندەی سنووری دەسەڵاتی خۆی کرد، لەوانە (عومەر کوڕی سەعد کوری ئەبی وەقاس و شحرین زی ئەلجوشن)، تا لە هەموو ئەوانە بدەن، کە بەرەنگارییان دەکەن. ئەمەو پێی ڕاگەیاندن، کە ماڵی سەرجەم هەوادار و لایەنگرانی (موختار) تالان بکەن و بسووتێنن[٥٦]. ئاسایی لەم کارەشدا ماڵی چەندین خێزانی کوردی لایەنگری ئەو سەرکردەیەی شیعەی تێدا تالانکراوە و سووتاوە. لەبەرامبەر ئەو کاردانەوانەیەشدا (موختار) سوپایەکی بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم کوڕی ئەشتەر) نارده سەر هێزەکان ئومەوی، کە (عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد) سەرکردایەتی دەکرد. دواجار لەو شەڕەدا کە بە شەڕی (مەزار) ناسرا سوپای ئومەوییەکانی تێکشکاند و خودی (عوبەیدوڵلا)ش لە شەڕەکەدا کوژرا[٥٧]. دوای ئەو ڕووداوەش (موختار) ڕووبەڕووی هێزێکی نەیار بە دەوڵەت بوویەوە، کە (موسعەب کوڕی زوبێر) بوو وە لەلایەن براکەیەوە (عەبدوڵلا کوڕی زوبێر) کرابووە والی بەسرە[٥٨].دوای زنجیرەیەك ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێش، هێزەکەی (موسعەب) توانی خودی (موختار) و هەوادارەکانی، کە ژمارەیان خۆی لە (٦٠٠٠) کەس دەدا، لە ناو قەڵای کوفە گەمارۆ بدات. دوای گەمارۆیەکی توندی قەڵاکەش، دواجار سەرجەم لایەنگرانی (موختار) لە سەرکردەکەیان هەڵگەڕانەوە. بەوەش (موختار) بەتەنیا مایەوەو بە دەستی هێزەکەی (موسعەب) کوژرا[٥٩]، بەڵام لە بری ئەوەی (موسعەب) لە لایەنگرانی (موختار) خۆش ببێت، کە خۆیان بەدەستەوە دابوو، سەری هەموویانی پەڕاند[٦٠]. لە کوژراوەکانیش (عەرەب و فارس و کورد) هەبوون[٦١]. جگە لەوەش ناوچەکانی سەر بە جوڵانەوەکەی (موختار)یش کەوتە دەست (موسعەب)و براکەی (عەبدوڵلا)، تا ئەویش لەساڵی (٧١ك/٦٨٨ز) لەلایەن خەلیفە (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان)ەوە لێدرا[٦٢].**

**لەساڵی (٦٧ك/٦٨٦ز)ش (نافیعی کوڕی ئەزرەق) پێشەوای کۆمەڵی خەوارجی ئەزارقە، دوای زنجیرە شکستەکانی لەبەرامبەر سوپای ئومەوی لە (ئەهواز) پەنای بۆ هەرێمی فارس برد، لەوێش تۆڵەی شکستەکانی لە خەڵکی ناوچەکە کردەوە[٦٣]. لەو کارەشدا جیاوازی لە نێوان ژن و منداڵ و پیاودا نەکرد[٦٤]. بەو پێیەشی لە**

[٥٤]. د. زرار صديق تۆفيق: د. زرار صديق تۆفيق: كورد و كوردستان، ل٥٤.

[٥٥]. پیکولوسکایا و دیگران: س.پ، ل١٦٩، فاروق عمر فوزي: العباسيون الأوائل، ٢٠٧/١.

[٥٦]. ابن الاثير: س.پ، ٨٦/٤، فاروق عمر فوزي: التاريخ الاسلامي و فكر القرن العشرين، الطبعة الاولى، بغداد، العراق، ١٩٨٥م، ص٤٥.

[٥٧]. الدينوري: س.پ، ل٤٤٢، الطبري: س.پ، ٥٢٣/٣.

[٥٨]. الطبري: ه.س، ٥٢٧/٣، ابن الاثير: س.پ، ٦٨/٤.

[٥٩]. الدينوري: س.پ، ل٤٤٨، الطبري: ه.س، ٥٤٣/٣، ابن الاثير: ه.س، ٧٣/٤، اشتیانی: س.پ، ل٣٦٥.

[٦٠]. الدينوري: ه.س، ل٤٤٨، الطبري: ه.س، ٥٤٢/٣، ابن الاثير: ه.س، ٧٦/٤.

[٦١]. پیکولوسکایا و دیگران: س.پ، ل١٦٩، فاروق عمر فوزي: العباسيون، ٢٠٧/١.

[٦٢]. اليعقوبي: س.پ، ١٨٩/٢، ابن الجوزي: س.پ، ١١٢/٦.

[٦٣]. ابن حزم: الملل والأهواء والنحل، الطبعة الأولى، مطبعة الأدبية-القاهرة، مصر، ١٣٢٠ه، ١١١/١، الشهرستاني: س.پ، ١١٠/١ بەدواوە، ابن الاثير: س.پ، ١٥٢/٤-١٥٣.

[٦٤]. المبرد: س.پ، ٦٤٨/٢.

ناوچەی خوزستان چەندين بنەماڵەی كوردی هەبوو[٦٥]، بۆيە پێدەچێت لەو پەرچەكردارەدا زيان بەر كوردەكانيش كەوتبێت.

له جولأنەوەيەكی تری خەوارجەكاندا بە سەركردايەتی (ساڵحی كوڕی موسەرەحی تەميمی)، كە يەكێك بوو لە سەركردەكانی كۆمەڵەی بەيهەسی خەوارج، بە زياتر لە (سەد هەزار) سەربازەوە و لەساڵی (٧٦ك/٦٩٥ز) لە گوندی (مديج)ی نزيك شاری (موسڵ) دەستی دايە ڕاپەڕين و ڕووبەڕووی دەوڵەتی خەلافەت وەستا[٦٦]. سەرەتاش توانی شاری (دارا) داگير بكات، كە زۆرينەی دانيشتوانەكەی كورد بوون[٦٧]. دواتريش توانی شارەكانی (نوسەيبين و ماردين و شنگار) داگير بكات و سەرنجی كوردەكانی ئەو شارانەش بۆ لای خۆی ڕاكێشا[٦٨]. بە هاوكاری ئەوانيش پەلاماری شارەكانی (دسكەرە و جەلەولا و خانقين)ياندا و تەنانەت سوپای ئومەوييەكان دووچاری چەندين شكست بكات[٦٩]، بەڵام دواجار هێزەكەی لە ڕۆژی (دووشەممە) بەرواری (١٧ی جومادی يەكەمی٧٦ك/٣ی ئەيلولی٦٩٥ز)[٧٠] بەرامبەر سوپای ئومەوييەكان بە سەركردايەتی (حارس كوڕی عەميرەی كوڕی زی ئەلشەعار) تێكشكا. لەو ڕووبەڕووبوونەوەش (ساڵح) كوژرا. بەوەش جولأنەوەكە كۆتايی پێهات[٧١].

له دوای شكستی جولأنەوەكەی (ساڵح) و وەك تۆڵەكردنەوەيەك بۆی، هەوڵێكی تر بە سەركردايەتی (شەبيب كوڕی يەزيدی خاريجی) لەساڵی (٧٦ك/٦٩٥ز)و لە ناوچەی (موسڵ) دژ بە دەوڵەتی ئومەوی دەستی پێكرد[٧٢]. هەوڵەكەی (شەبيب)يش دوای زنجيرەيەك سەركەوتن و شكست، بە تێكشكانی لەلايەن ئومەوييەكانەوە كۆتايی پێهات[٧٣]. بەپێ تۆمارێكی مێژوويش (شەبيب) توانی بەهۆی پشتيوانی دانيشتوانی (حولوان)ەوە بەرەو (ئەهواز)و دواتر بەرەو هەرێمی فارس بڕوات[٧٤]. ئەمەو جگە لەوەی لە جولأنەوەكەشيدا ژنەكەی (شبيب)، كە ناوی (غزالە) بوو وە هاوكارێكی باشی مێردەكەی و يەكێك بوو لە ژنە ئازاو موجتهيدەكانی ئەو كۆمەڵەيە[٧٥]. ئەوەش توانی كار لە ژنانی ئەو ناوچانە بكات، كە كوردنشين بوون[٧٦]، بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە، شكست چارەنووسی ئەم جولأنەوەيەش بوو[٧٧].

---

[٦٥]. اليعقوبي: تقويم البلدان، الطبعة الاولى، دار المعرفة للطباعة و النشر-باريس، فرنسا، ١٨٤٠م، صص٣١٢-٣١٣)، أبن كثير: س.پ، ١١٢/٥، ڕەحيم ئەحمەد ئەمين: بەعەرەبكردن له هەرێمە كوردنشينەكاندا (٦٣٧-٨٤٧ك)-لێكۆڵينەوەيەكی مێژوويی شيكارييه، چاپی يەكەم، چاپخانەی تيشك-سلێمانی، هەرێمی كوردستانی عێراق، عێراق، ٢٠٠٨ز، ل١٥٧.

[٦٦]. الطبري: س.پ، ٦٠٣/٣-٦٠٥، ابن الاثير: س.پ، ١٥٦/٤-١٥٧، زيادة: س.پ، لل١٩٥-١٩٦.

[٦٧]. الاصطخري: س.پ، ل٥٣.

[٦٨]. الطبري: س.پ، ٦٠٦/٣، ابن الاثير: س.پ، ١٥٦/٤-١٥٧، زيادة: س.پ، ل١٩٧.

[٦٩]. الطبري: ه.س، ٦٠٦/٣-٦٠٧، ابن الاثير: ه.س، ١٥٧/٤، د.حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي، الطبعة الخامسة عشر، دار الجيل-بيروت، لبنان، مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، مصر، ٢٠٠١م، ٣١٣/١-٣١٤.

[٧٠]. زيادة: س.پ، لل١٩٧-١٩٨.

[٧١]. الطبري: س.پ، ٦٠٧/٣-٦٠٨، ابن الاثير: س.پ، ١٥٧/٤-١٥٨، زيادة: ه.س، لل١٩٧-١٩٨.

[٧٢]. ابن قتيبه: المعارف، صححه: محمد اسماعيل عبدالله الصاوي، الطبعة الثانية، دار احياء الترث العربي-بيروت، لبنان، ١٩٧٠م، ص١٨٠، اليعقوبي: تاريخ اليعقوبي، ١٩٢/٢، الطبري: ه.س، ٦٠٨/٤-٦٠٩، سعيد الديوەجي: تاريخ الموصل، الطبعة الاولى، دار الكتب للطباعة و النشر-جامعة الموصل، الموصل-العراق، ١٩٨٢م، ٤٦/١.

[٧٣]. الطبري: ه.س، ٦٠٥/٣-٦٢٥، ابن الاثير: س.پ، (١٥٨/٤-١٧١).

[٧٤]. مؤلف مجهول: العيون الحدائق في أخبار الحدائق، الطبعة الاولى، مطبعة بريل-ليدن، هولندا، ١٨٦٩م، ص١٦٢.

[٧٥]. الطبري: س.پ، ٦٠٨/٤، الكوفي: كتاب الفتوح، الطبعة الاولى، مطبعة مجلس دائرة المعارف الاسلامية-حيدر اباد-دكن، الهند، ١٩٦٨م، (٨٧/٧-٨٩).

[٧٦]. ابن حوقل: س.پ، لل(٣٥٧-٣٧٣)، المقدسي: أحسن التقاسيم، صص(٤٢٠-٤٥٩).

[٧٧]. الطبري: س.پ، ٦٢٤/٣-٦٢٥، ابن الاثير: س.پ، (١٧٠/٤-١٧١).

لـە بزووتنـەوەکـەی (زەیـدی کـوڕی عـەلی) وەك یـەکێك لـە گـەورە کەسـایەتییەکانی شـیعە، کـە لەسـاڵی (١٢٢ك/٧٣٩ز) دەستی دایە ڕاپەڕین و بانگەشەی بۆ ئەوە کـرد، کـە ئـەوان حـەقن و ئومەوییـەکان دەسـەڵاتیان لـە خـاوەن مـاف زەوتکـردووە، کۆمـەڵێك لـە دانیشـتوانی شـارەکانی (مـەدائین و بەسـرە و واسـیت و موسـڵ و خۆراسـان)[٧٨]، لـەپاڵ بەشـێکی کوردەکـانی هـەرێمی جزیـرە[٧٩]و ناوچـەی شـارەزوور شـوێنی کـەوتن و بوونـە پشتیوانی. تەنانەت دانیشتوانی شاری (پیر)[٨٠] لە شارەزوور لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بوون[٨١]، بەڵام دواتر ئەو سەرکردە شیعیە لەلایەن (یوسف کوڕی عومەر)ی سەرکردەی ئومەوییەوە کوژرا و بەوەش کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە هات[٨٢].

لە جوڵانەوەکەی (سەعید کوڕی مەجدەلی ئەلجەرشی)دا، کە لەساڵی (١٢٦ك/٧٤٣ز) دەستی دایە ڕاپەڕین و خۆی بە (امیر المؤمنین) ناساند، بەشێك لە کوردەکان لە ناوچەی جزیرە پشتیوانیان لێکرد[٨٣]. هۆکاری هاوکاری کوردەکانی ئەو ناوچەیەش لەو جوڵانەوەیە بۆ ئەوە گەڕایەوە، کە ئەوان زۆر لە سیاسەتی (بوستام کوڕی لەیسی تەغلبی) سەرکردەی دیاری خەوارجی بەیەهەسی نارەزایی بوون و بۆ هەلێك دەگەڕان لێی هەڵگەڕێنەوە، چونکە زۆر ئەوانی دەچەوساندەوە و ئازاری دەدان[٨٤]، بۆیە کوردەکان هاوکاری (سەعید)یان لە کوشتنی (بوستام) کرد، بەڵام دواجار (سەعید) بە نەخۆشی تاعون لە ناوچەی شارەزوور کۆچی دوایی کرد. بەوەش ئەو جوڵانەوەیە کۆتایی پێهات[٨٥].

(زوحاك کوڕی قەیسی شەیبیانی)ش لەساڵی (١٢٧ك/٧٤٤ز) و دوای ئەوەی لە ناوچەی شارەزوورەوە ڕوویکردە هـەرێمی جزیـرە، تـوانی بـە (پـەنجا هـەزار) چـەکداری پەیڕەوەکـەی لـە خـەوارجی سـەفرییە دەسـت بداتـە ڕاپەڕین[٨٦].بەو پێیەشی (زوحاك) یەکێك بوو لـە ووتاربێـژ و ڕاڤـەکارە بـە تواناکـانی ئـەو کۆمەڵەیـەی خـەوارج، توانی بەو کارەی سەرنجی دەوروبەری بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. تەنانەت هەریـەك لـە (عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەر کوڕی عەبدولعەزیز و سولەیمانی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولـەلیك) بەیعـەتیان پێـدا و نوێـژیان لـە پشـتییەوە کرد[٨٧]. ئەو توانایەشی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کـە ئـەو بـۆ چـەند سـاڵێك لـە پـەیڕەوانی شـیعە بـوو، دواتـر

---

[٧٨]. ابن خلدون: تاريخ، ٩٧/٣، طقوش: س.پ، ل١٣٤.

[٧٩]. فائزة محمد عزت: س.پ، ل١١٣.

[٨٠]. (پیر) شارێکی ئاوەدان و مەتینی ناوچەی شارەزوور بووە، کە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی بەرامبەر بە هەشتەمی زایینی هاتنە سەر ئایینی ئیسلام. بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: ((ياقوت الحموي: معجم البلدان، قدم لها: محمد عبدالرحمن المرعشلي، الطبعة الاولى، دار احياء التراث العربي-بيروت، لبنان، ٢٠٠٨م، ٤١٢/٢، د. حسام الدين علي غالب النقشبندي: ابودلف مسعر بن مهلهل الخزرجي و رحلتة الي كردستان خلال السنتين (٣٤٠-٣٤١هـ/٩٥١-٩٥٢م)-دراسة تحليلية مع نص الرسالة المحققة، الطبعة الاولى، مؤسسة زين لاحياء التراث الوثائقي و الصحفي الكردي-مطبعة شظان، السليمانية، اقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠١٢م، ص٤١) )).

[٨١]. مسعر بن مهلهل: س.پ، ل٢٠، النقشبندي: هـ.س، ل٤١.

[٨٢]. ابن خلدون: تاريخ، ٩٧/٣، طقوش: س.پ، ل١٣٤.

[٨٣]. محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٤ز، ٩٣/١.

